# پێکهاتەی دەقی ئایکۆنی لە هونەری شێوەکاری وتەلارسازی هاوچەرخدا

## (پارێزگای هەولێر وەك نموونە)

**ID No. 984**

(PP 413 - 426)

**https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpB.23**

**سیروان ڕەفعەت ئەحمەد**
کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
sirwan.ahmed@su.edu.krd

**علاء شاكر محمود العتبى**
بەشی پەروەردەی هونەری، کۆلیجی هونەرەجوانەکان، زانکۆی دیالە
dr.aletby@gmail.com

**ئازاد حمە ئەحمەد**
بەشی تەلارسازی، کۆلیجی ئەندازیاری، زانکۆی ئەمریکی/ دهۆك
Azad.ahmed@auk.edu.krd

**وەگـــــــرتن :2023/02/21**

**پەسندکردن :2023/05/21**

**بڵاوکردنەوە : 2023/12/15**

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەویە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر (پێکهاتەی ئایکۆنی لە هونەری شێوەکاری وتەلارسازی هاوچەرخدا) لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بریتییە لە چوارچێوەی میتۆدیی کێشەی توێژینەوەکە، کە جەخت لەسەر چاودێریکردن دەکاتەوە، ئاخۆ هونەرمەند وتەلارساز توانیویەتی بەرهەمی تەلارسازیی هونەری بەپەیوەندی تەواوکەری نێوان فۆرم ومانا وە پێشکەش بکات؟ وڕادەی جیاوازیان لەگەڵ ئامانجە فیکرییەکانیان هەبێت؟ بەدروستکردنی سیستمێکی فکری بیناسازیی، وگرنگی توێژینەوە، سنورەکانی توێژینەوە، هەروەها پێناسەی ئەو چەمکانەی کە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا تێدایە، و بەشی دووەم چوارچێوەی تیوریی کە سێ باسی لە خۆگرتووە، باسی یەکەم سەرچاوە فکریەکانی وێنەی ئایکۆنی، باسی دووەم چەمکی سیمێۆلۆژی، وسێیەمیان چەمکی دەقی ئایکۆنی، هەروەها نیشاندەرەکانی چوارچێوەی تیوری، وبەشی سێیەم بریتیە لە کۆمەڵگای توێژینەوە ونمونەکانی وئامرازی توێژینەوە، وشییکردنەوەی نمونەکان توێژینەوەکە کە بریتی بوو لە دوو نمونە، بەڵام بەشی چوارەم گرنگترین ئەنجامەکان ودەرەنجامەکان، ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان لەخۆدەگرێت، هەروەها لیستی سەرچاوەکان.

دەستەواژە گرنگەکان: پێکهاتە، تێکست، ئایکۆن، هونەری شێوەکاری، تەلارسازی

### پێشەکی:

وەك ئەوەی ڕوونە کە دەقی ئایکۆنی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە ئەنجامدان ودروستکردنی واتاکان لە نێو تێکستەکاندا، وە دەق وتێکست تەنها ئەوە نییە کە لە نێو نوسینەکان دەربکەون وەکو ئەوەی کە هەندێك کەس بەو شێوە تێگەیشتووە، بەڵکو هونەری شێوەکاریش دەقێکی بینراوە کە بە هەمان شێوە مانا دەبخشێت بە بینەر، وکاریگەریشەی زیاتر لە دەقی نوسین، چونکە هونەری شێوەکاری بە کرداری شێوەکان دەهێنێتە پێش چاوی بینەر بە ڕەنگ وشێوە وتێکسچەر وهەموو ووردەکارییەکانی، و وەکو ئەوەی باوە کە دەڵێت وێنە ڕاستگۆترە لە گواستنەوە زانیارییەکان... هەروەها تەلارسازیش بە هەمان شێوە وەکو پێکهاتەیەکی بەرجەستەکراو زمانێکە قسەی پێدەکرێت وبینەر دەیبینێت ودەیخوێنێتەوە، بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیە هەولدەدات کە تیشك بخاتە سەر ئەو پێکهاتەیەی دەقی ئایکۆنییە لە هونەری شێوەکاری وتەلارسازی هاوچەرخدا.

### 1چوارچێوەی گشتی

**1-1 کێشەی توێژینەوە:** تێکستە ئایکۆنییەکان توانای بەرهەمهێنانی بنەچەیەکە کە ڕەگی درێژی هەیە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە کاتی پێشبینیکردنی سروشتی بابەتێك لە نێوان هێزە کرمەیەتییەکان لە ڕووی پێکهاتەی دەق وتوانا لە سەر پەخشکردنی گۆتارێکی ئایکۆنی بە ئامانج، ولێرەدا گرنگی بەدەست دەهێنێت لە کاتێ کە نمونەکانی دەبەستێتەوە بە ناوەڕۆکی جەوهەری کە گونجاندنێکی

تەواو ئەنجام دەدات لە دۆزینەوەی سروشتی گەشەپێدانی پەیوەندییەکان ودژەکانی، کە جێگرەوەی تاکەکان وبنەماکان دەگرێتەوە لە دامەزراندنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی.

وە دەکرێت گوزارشت بکەین لە سەر ئەم پێکهاتەیە لە ڕێگای کارە هونەرییەکان یان تەلارەکان کە وەکو تێکستێکی ئایکۆنی دەردەکەوێت بە ئامادەبوون وسەربەرزێکی باش لە پەخشکردنی مانا وهێما کۆدکراوەکان لە ڕێگای ڕووی پێشەوەی تەلارەکان یان کارە هونەرییەکان لە سەر ڕێگاوبانەکان، وە لێرەدا ئەو تێکستە ئایکۆنیانە هەر دەبێت لە خودی هەمان کۆمەڵگاوە بەرهەمبهێنرێت وپەخشبکرێت بۆ هەمان کۆمەڵگا لە بەر ئەوەی هەمان واقیع بەرهەمدەهێنێت، لە بەر ئەوەی وێنەی دیاردەکان دەکات بە مەبەستی گشتگیری، لە ڕێگای زنجیرە ناوخۆییەکانەوە کە بەرجەستە دەکرێت بە شێوەیەکی تایبەتییەوە وگوزارشت لە خودی خۆی دەکات لە ڕێگای گەڕان لە دوای پەرەپێدانی نمونەکەی لە بەدەستهێنانی هێزی ناوەڕۆکەکەی، بۆیە کێشەی توێژینەوەکە کورت دەکرێتەوە بە یەك پرسیار:

ئایا هونەرمەند و تەلارساز توانیویانە کارە هونەری وتەلارسازییەکان پێشکەش بکەن، کە پەیوەندی تەواوکاری نێوان فۆرم و واتاوە هەبێت، هەتاوەکو ئەو ڕادەیە کە لەیەك چوون وجیاوازی هەبێت لەگەڵ مەبەستە هزرییەکانەوە لە ڕێگای دۆزینەوەی سیستەمێکی بونیادنەر لە سەر بناغەی هونەری بێت کە مانای پێکهاتەی تێکست وبیرۆکەکان بە یەك ببەستێتەوە وەکو بزوێنەری سەرەکی لە بۆ سیستەی گشتی؟

**2-1 گرنگی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بەشداری دەکات لە پێشخستنی دیراساتی تێوری لە کێڵگەی دەرچوونی قوتابیانی هونەر و پەیمانگاکانی و دامەزراوە هونەرییەکانی تری، جگە لەوەی کە سوود بەخشە بە کێڵگەی نێگارکێشی وتەلارسازی وئەدەب وهەموو ئەو پسپۆڕیانەی کە لە بونیادنانی پشت بە پێکهاتەی تێکست وبە تایبەتتر ئایکۆن دەبەستێت.

**103 ئامانجی توێژینەوە:** دەرخستنی دەرکەوتەکانی پێکهاتەی تێکستی ئایکۆنی لە هونەری شێوەکاری وتەلارسازی هاوچەرخ.

**4-1 سنوری توێژینەوە:**

**سنوری کاتی: لە 1995 – 2020**

**سنوری شوێن: هەولێر**

**سنوری بابەتی:** پێکهاتەی دەقی ئایکۆنی لە هونەری شێوەکاری وتەلارسازی هاوچەرخدا (پارێزگای هەولێر وەکو نمونە).

**5-1 پێناسەی زاراوەکان:**

پێکهاتە: لە لای سەلاح ئەلفەزل "تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕووی پەیوەندییەکانەوە، ورێکخستنەوە بە گەیاندن لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکانی، وپەیوەندی گەیاندن ئەو وەزیفەیەیە، کە ڕەگەزەکان تێدا لە ناو سیستەمن، وە بەم پێیە شیکارییە بنیاتنانەکەی گەڕانە بە دوای کۆمەڵێك راگەز وپەیوەندی جۆراوجۆر، بەڵام ئامانج لە شیکردنەوەی وەزیفی دەرخستنی پرۆسەکانی گەیاندنە لە ناو هەمان سیستەم"(الفضل، 1998، ص122).

چەمکی تێکست لە لای تۆدۆرۆڤ ئەوەیە کە "لە هەمان ئاستی چەمکی ڕستە یان کەیس یان پێکهاتن ڕاناوەستێت، هەروەها تایبەتمەندی زیاتری هەیە لە سەروی برگە کە دەکاتە یەکەیەکی ڕێکخراو لە چەند ڕستەیەك"(تودوروف، 1972، ص376-375).

تێکست وەکو ئەوەی لە سەر زاری ڕۆڵان پارتە هاتووە وەکو "شانەی ووشە ڕێکخراوەکانە لە هاوئاهەنگی تایبەتدا، کە بە شێوەیەك جێگیرکراو وتەنها فەرز دەکات بە پێی توانا، و(تێکست) وەکو ئەوەی کە شانەیەکە، بە خۆی بەسراوەتەوە بە نوسین، هاوبەشە لەگەڵ نوسینی تەواوکراو وهاوەرە روحییەکەیەتی، لە بەر ئەوەی بە سیفەتی خۆی وێنەی پێتەکانە، وئاماژەیە بە قسەکردن، هەروەها شانەیەکی پێکهاتووە" (ذريل، 2000، ص17).

سێ جۆرە ئایکۆن دەستنیشان کراوە ئەوانیش "ئەو وێنانەن کە پشت دەبستن بە لێیەکچوون لە نێوان چۆنایەتی ئاسان لە نێوان دوو یەکە پەیوەندی هەبێت لە نێوانیان، وهێڵکارییەکان کە دادەمەزرێت لە سەر لێیەکچوون لە نێوان هێما ناوخۆییەکان لە نێوان یەکە دیاریکراوەکان ومیتافۆرەکان وەکو نوێنەرایەتی سرۆشتی نواندن کە مەرج نییە بونیادنرابێت لە سەر هەڵقوڵان وهاوشێوە، بەڵام لە سەر گرژی، وبنەمای پڕ لە مانا" (جابر، واخرون، 2002، ص155)

**1- چوارچێوەی تێوری**

**1-2 باگراوندی فیکری وێنەی ئایکۆنی**

ئایکۆن ووشەیەکی یۆنانیە بە مانای وێنە، شێوە یان لێیکچووی شێوەیەك دێت، وە بەخۆی هیمایەکە ئاماژە بە هەندێك شت دەکات کە تایبەتمەندی هاوبەشی هەیە لەگەڵ شێوەی مەبەست، ڕەنگە ئەم شێوەیە گیانلەبەر بێت یان کەسێك بیت یان حاڵەتێکی تایبەت بێت، یان ڕوداوێکی دیاریکراو بێت، وئایکۆن "هێمایەکی سیمیۆلۆژیە کە تایبەتمەندی خۆی بە بەراورد لەگەڵ هێماکانی دی واتا بێ هاوتایە، وبە خۆی لێکدانێکە لە هێماکان کە تاکێکە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕووی ڕوونکردنەوە کە پشت دەبەستێت بە فاکتەری لێیکچوون لە ئەنجامی سیستەمی بڕینی نا هاوشێوە" (الشنقيطي، د.ت، ص91)، وە هەروەها لێیکچوون لە نێوان ئەم شتە وئایکۆنی وێنەکێشراو وەکو هێما، وتەکنیکی تایبەت بەکار دێت بۆ وێنەکێشانی یان پێکهاتنی ئایکۆنەکان بە پێی شێوازی تایبەت، بە پێی پێوەرە باوەکان "پێشتر ئامێرەکانی وێنەکێشان وەکو فڵچە ورەنگ هەموو کۆدەکرایەوە ودەخرایە سەر جێگای قوربانی"(مجموعة خبراء، 1883، ص323) بۆ ئەوەی خاوێن بکرێتەوە وپیرۆز بێت، "بەڵام ئەو تابلۆیە کە ئایکۆنەکەی لە سەر دەکێشرێت، لە داری باش دروست دەکرێت ودەکرێتە لەوح بۆ ئەوەی ڕیز بکرێت بە بێ بزمار دواتر چارەسەر دەکرا بە بە چەند تەبەقەیەکی گەچ وغەرە، وئۆکسیدی رەنگامە بەکار دێت وتێکەڵ دەکرێت لەگەڵ زەردێنەی هێلکە وسرکە وبە ئاوی پیرۆز کاڵ دەکرێتەوە بۆ وێنە، ولە دوای تەواو بوون لە پرۆسەی وێنەکێشان ئایکۆنەکە بە تەبەقەیەکی مۆمی هەنگوینی دادەپۆشرێت بۆ پارێزگاریکردنی لە فاکتەرەکانی کات، وە زۆر جاریش تێکەڵ دەکرێت شتومەکەکانی قەشەکان، دواتر پێشکەش دەکرێت بۆ نوێژ وئاوڕشێنە دەکرێت بە ئاوی پیرۆز وچەور دەکرێت بە میرون"(اللوس، 2010، ص7)، ئەم پرۆسەیە کە هونەرمەند دەیکات جۆرە نەرێتێکی ئاینییە، نەوەك هەر کارێکی دیکەی هونەری کە ئەنجام دەدرێت بە بێ ئاوی پیرۆز یان بەکارهێنانی هەر کەرەستەیەك لە سەر جێگای قوربانی یان هاوشێوەی، وئەمە بە واتای ئەوە دێت کە وێنەی ئایکۆنی لایەنی نەریتی ئاینی تێدایە لەکاتی ئەنجامدانی، سەرباری ئەوەی کە ئەم پرۆسەیە پێی دەوترێت تەکنێك لەم کاتەدا بەڵام بە خۆی جۆرێکە لە نەرێتە ئاینییەکان زیاتر لەوەی وەسف بکرێت وەکو تەکنیك، بەڵام ڕەنگەکان "ژمارەیان لە بیست ڕەنگ تێناپەڕێت لە تابلۆیەکدا، شینی تۆخ ئاماژە بە تاریکی دەکات، وشینی کاڵ بۆ ئاسمانە، وە بە خۆی ڕەنگی کراسی دەرەوەی مەسیحە ورەنگی کراسی ناوخۆیە بۆ مەریەمی پاکیز، بەڵام سور بە مانای شەهادە وخۆبەختکردنە، وە ڕەنگی قاوەیی وسەوز بە مانای زەوی وبۆ تەقەشف، وپرتقاڵی بۆ خاوێنی، وسپی بۆ حیکمەت، وڕەنگی ئاڵتونی هێمای خواوەندی درەوشاوەیە، وگەر لە باگراوندی ئایکۆن بوو، بە مانای هەتا هەتایی دێت، وهەروەها ڕەنگی سپی وابەستەی بیرۆکەی پوچەڵکردنی مردنە وچوونە نێو ژیانێکی نوێ"(هاجي، وخياط، 2012، ص17) بەکارهینانی ڕەنگەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە لە نیگارکێشی ئایکۆنەکان لە ڕووی ژمارەی ڕەنگەکان کە بەکار دێت ومانا شاراوەکانی بۆ ئەوەی گوزارشت بکات لە جیهانی خواوەنەکان وتێدا پیرۆزی وتایبەتمەندی ڕوونی هەیە لە ڕووی بەکارهێنان ومانا وەکو ئەوەی لە شێوەی (1) لە ژێر ناونیشان (ئایکۆنی دابەزین بۆ ناو دۆزەخ)، لێرەدا کەسایەتی مەسیح هەیمەنتی خۆی هەیە لە ناوەندی ئایکۆنەکە، بە قەبارەیەك کە گەورەترە لەوانەی لە چواردەوری، لە لای ڕاست وچەپ، وکۆمەڵێك ئافرەت وپیاو دەردەکەون لە هەردوولای ئایکۆنەکە، هەندێکیان هاورەی پیروزی لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن، وەکو مەسیح- ودەکرێت دەستنیشان هەندێك کەسایەتی بکرێت وەکو قەشە یۆحەنا المعمدان، بۆیە خوێندنەوەی ئایکۆنە تەنها بەند نییە بە شێوە وەرگیراوەکان، بەڵکو هەروەها ڕەنگەکان گوزارشتی تایبەتی خۆیان هەیە، وهەروەها "ئەو دەم وچاوەی کە دەکێشرێت لە ئایکۆنەکان، دەم وچاوی گۆشتی وخۆڵیی نییە، دەم وچاوێکی پیرۆزە سیمای هەتاهەتای لە خۆ دەگرێت، دەم وچاوێکە دەتوانین بڵێن (روحانيیە) واتا بۆ بە ئەتر وشەفافیەتی تەواو هیچ جێگای داختستنی رەگەزەکان نییە لە بۆ بینین، وە دەردەکەوێت کە هەڵگری سیفاتی خواییە، وە هەموو پاشماوەی گۆشتی وخوینی لێی هەڵگیراوە وچووەتە نێو شکۆی هەتاهەتایی، بۆیە کلێسەکان بنەما ویاسای ڕوونیان داناوە دور لە بنەماکانی هونەر" (خوري، 2000، ص12) بۆ ئەوەی بۆ مەبەستەکانی عیبادەت بەکار بێت وببێتە مایەی سەرخستنی بینەر بۆ سەرەوەی جیهانی زەوی، وە ئایکۆنە وینەیەك نییە حاڵی حاڵ هەر وێنەیەکی دی بێت، بەڵکۆ جۆرە میتافرمێکی تێدا لە شێوەی خواوەنەکانەوە یان پیرۆزی بە تایبەت لە ئاینی مەسیحی، بەدەر لە نمونە ئاینییەکان گەر دیقەتی نمونەیەکی دی بدەین وەکو ئەوەی لە شێوەی ژمارە (2) تابلۆی پابلۆ پیکاسۆ هەزاران کەس و منداڵ و ژن و تەنانەت تەواوی گوندەکەی لە ڕێگەی تابلۆ بەناوبانگەکەی گۆرنیکا کورت وپوختی کردەوە، وەکو ئایکۆنێکی نشتیمانی لە ڕێگای دیقێکی هونەری نوسرایەوە لە لایە هونەرمەندی ناوبراو.

ره (1)





لە دوای زۆربوونی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی ئایکۆن وبڵاوەکردنی وای بەسەردا هات کە قوتابخانەی ئایکۆنی وشێوازی جۆراو جۆر دروست بێت لە نێگارکێشی ئایکۆن، وەکو شێوازی بیزەنتی وروسی، وە ئەم شێواز وقوتابخانانە سەریان هەڵدا لە کۆمەڵێك تایبەتمەندی، و"ئەو نهێنیە کە بەدی دەکرێت لە ئایکونی بیزەنتی ڕووناکی وئازادی لە کات، ولە بۆشای ئایکۆنە ڕووناکی ڕەها بەدی دەکرێت لە بەر باگراوندە ئاڵتونییەکە وڕووبەرەکانی بە ڕەنگی تۆخ ڕەنگ دەکرێت دواتر وێنە دەکێشرا وورده وورده بە ڕەنگی کاڵ هەتا وەکو کۆتایی هاتن بە فۆکسی تیشکەکە، بۆیە کەسایەتییەکان ڕووناك نەدەکراونەوە بە سەرچاوەیەکی ڕووناکی، بەڵکو بە خۆیان سەرچاوەی ڕووناکی بوون، لێرەدا سومبلی ڕووناکی لای قەشەکانە"(اللوس، مصدر سابق، ص7)، هەروەها بەرهەمە ڕوسییەکان (ئایکۆنەکان) تایبەتمەندییەکی دی هەبوو لە وێنەکێشانی کەسایەتییەکان بە شێوەی باڵا بەرز وسەری گەورە وخر وملی پان ووردی دەم وچاوەکان کە ئاماژەیەکە بۆ بەرزی روحی ئەو جۆرە کەسایەتیانە کە چی جۆرە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی وئاینیان هەیە، بەڵام ڕەنگە ئارامگرەکان وڕێزگرتن باڵی کێشابوو بە سەر لایەنی جوانیش، وئاراستەیەك هەبوو لە بۆ جۆری تەختکردنی (تسطيح) لە وێنەکێشانی شێوەکان وئیهمال کردنی ڕوانگەی ڕەنگی وشێوەیی، بۆ ئەوەی بینەر هەست بە دووری ونزیکی شێوەکان نەکات، وزۆرجار هونەرمەند بە مەبەست ڕەنگە گەرمەکانی بەکار دەهێنا بۆ دیمەنە دوورەکان وڕەنگە ساردەکان بۆ دیمەنە نزیکەکان، وئەم تەکنیکە پێچەوانەی وێنەکێشانی ڕیالیزمە، هەروەها هونەرمەند بە ئەنقەست زۆر لە ووردەکارییەکانی ڕیالیزمی نەدەکرد وئۆتۆنومی جەستەی مرۆڤەکانشی ئیهمال دەکرد لەگەڵ مەوداکانی قوڵایی لە نیگارکێشی شتەکان، واتا بینەر هەستی بە بوونی قوڵایی یان ڕەهەندی سێیەمی دیمەنەکانی نەدەکرد، وشێوەکان نزیك بوونەوە لە (ئایزومیتری[1])، وئەم تایبەتمەندییانە دەکرێت لە قوتابخانەی نوفغورد وموسکو وکریت بۆ وێنەکێشانی ئایکۆنەکان ببینین، وئایکۆنە ڕووسییەکان "زۆر جار بچووك بوون، سەرباری ئەوەی کە هەندێك لە کڵێساکان خامۆش نەبوون لە ئایکۆنی گەورە، وبەخۆیان سەرپەرشتی بچووکترین ووردەکاریان دەکرد بۆ ئەوەی ئینجیل بە ئاماناتەوە بگێزنەوە، بۆیە دەبینین ڕووداوەکان ئینجیل کێشراوەتەوە بە بێی هەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی شێوازی سیمبولی" (هەمان سەرچاوە، ل8)، وئەم تایبەتمەندیانەی لە وێنەکێشانی ئایکۆنی دەبینرێت بە شێوەیەکی گشتی بەدی دەکرێت لە بەرهەمە هونەرییەکانی سومر وبابل وئەکەد، لە کاتێکدا کە کەسایەتی سەرەکی (پاشا) دیمەنەکە بە قەبارەیەکی گەورەتر دەکێشرایەوە وکەسایەتییەکانی دی لە چوار دەوری دەبوون هەر یەك وبە پێی پێگەی کۆمەڵایەتی وبەرپرسیارێتی دەسەڵات لە دەوڵەت، هەروەها هونەرمەندی سۆمەری ڕوانگەی ئیهمال کرد وقوڵایی واتا ڕەهەندی سێیەمی تێکشکاند وشێوازی سیمبولی بە کار دەهێنا.

**2-2 چەمکی سیمیۆلۆژی**


سیمیۆلوژی زاراوەیەکی پەرت وبڵاوە وهەمە جۆرە لە ڕووی ماناوە، بوو بە جێگای گفتوگۆ لە نێوان توێژەران وپسپۆڕان لەم بوارەدا بە مەبەستی گەیشتن بە پێناسەیەکی ڕوون وئاشکرا لە سەر هەمان زاراوە، بەڵام دی سوسیر وبارت وئیکۆ وکەسانی دی گوزارشتیان لە سەر کرد بە پێی تێۆر وخوێندنەوەی جۆاروجۆر، بۆیە سێمیۆلۆژی وا بەستەیە بە پەیوەندییەکانە لەگەڵ ئەو چواردەورەی کە نوێنەرایەتێ بەخشندەیەکی سەرەکی دەکات بۆ کۆی ماناکان ونیشانەکان لە پێکهاتەی تێکست وەکو بنچینەی پرۆسەی سیمیۆلۆژی، گەر کاری هونەری بێت، ئەدەبی، تەلارسازی، یان هەر کارێکی دیکەی بێت بە مەرجی هەبوونی شێوە (نیشانە) کە ئاماژە بە ناوەڕۆك دەکات، وڕۆلان بارت وەسفی سێمیۆلۆژی دەکات "وەکو بەشێك لە زمانەوانی یان واتا بنچینەکانی زمانەوانییە یان واتا بەلای کەمەوە ئامرازەکانی نا زمانەوانی دوورناکەوێتەوە لە ئامرازە زمانەوانێیەکەیەوە، هەروەها لەگەڵ وێنەی فۆتۆگرافی کە هەڵقولاوی نەرێتی کەلتوری وهونەرییە، بنچینەکانی وێنەکێشانە" (الاحمر، 2010، ص121)، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی سیمیۆلۆژی بە مانای زانستی نیشانەکانە، وبەمانی نیشانە، گوتاریش دێت، ولە چوارچێوەی گشتی بە مانای زانست دێت، لە بەر ئەوەی بناغە وتێۆری گشتی لە خۆ دەگرێت لە نێو چوارچێوەیەکی چەمکی.

سیمیۆلۆژی پێکهاتەی بە بوونی نیشانە وناوەڕۆکە، ئەو دووە لە لایەکەوە گوزارشت لە پێکهاتەی دەرەکی دەکەن (نیشانە) ولە لایەکی دیەوە پێکهاتەی شاراوە (ناوەڕۆك)، ولێرەدا دەبینین تێکستەکە گوزارشت لە کەیسێك دەکات، واتا نوسەر هەڵدەستێت بە داڕشتنی گوزارشتێك بە زمانێك بەڵام مەبەستی شتێکی دیە "ولە هەندێك کات نوسەر گوزارشت لە ڕاوبۆچوونەکانی خۆی دەکات لە ڕێگای گاڵتەجارییەوە، وئەمە لە ڕێگای وێنەیەکی زمانەوانی دەبێت، یان وەکو خۆی دەبردرێت وگوزارشت لە پێچەوانەی هەوڵی نوسەرەکە دەکات کە دەیەوێت بێگەیەنێت بە خوێنەر، ولە هەندێك جاریش جیاوازە" (بویل، کمب، 2015، ص74) لە ڕێگای پەیوەندی نێوان


نیشانه وناوەڕۆك، وئەمە لە گرنگترین پەیوەندییەكانە كە ململانی سیمیۆلۆژی دروست دەكات بە پێی خوێندنەوە وئاماژەكردن بە تێكستی بە مەبەست، ولێرەدا دەبێت تێكست پارێزگاری لە بێ لایەنی خۆی بكات، هەر وەكو (محايثة[2]) دووپاتی دەكاتەوە كە پێگەیەكی جێگیری هەیە لە سیمیای هاوچەرخدا، وتێكستەكە بە بێ لایەنی دەمێنێتەوە ونابێت خوێنەر پەنا بۆ غەیری تێكستەكە ببات، وتێكست هەموو شتێكە "بۆیە نیشانە كردارێك لە سیاقی تێكست نابێتە نیشانەیەكی دی، زۆر جار داهێنەر كردارە باوەكان ڕوون وئاشكرا دەكاتەوە، وئاشكراكردن واتای ئەدای تەواوكەر وپڕ مانایە" (نورالدين، 1994، ص12)، وسیمیۆلۆژی پشت دەبەستێت بە هەموو ئەو هێمایانەی كە ئاماژە بە واتای بەخشراو دەكات بەو شێوەیە كە نوێنەرایەتی نیشانە دەكات لە سەر مانا وەكو جموجۆڵ، دەنگ، بۆن، ئاماژە یان هەر جۆرێكی دی بێت لە هێماكان، ولە هەمان كاتدا هەندێك لە هونەرەكان دەستنیشاكردنی گوتارە بەرجەستەكراوەكانیان دەكەن لە ڕێگای پێكهاتە دەلالیەكانی، بۆیە ئەم جۆرە هونەرانە پشت دەبەستێت بە مودرەكاتی دەنگی ووێنەیی وجوڵەیی لە هەمان كاردا، هەروەها ئەو ئاماژانە وەكو زنجیرە ڕێكخراوێكە لە یەكەكان كە كۆمەڵێك مەرجی هەیە لە ئەدای پرۆسەی دەربڕین وچۆنێتی گەیاندنی گوتار بۆ وەرگر، بەڵام لە سنوری مودرەكاتی دەنگی "ووشە كاریگەری هەیە لە سەر ڕستە، وزۆر جار پێچەوانە دەبێت، هەروەها ڕستەیش كاریگەری هەیە لە سەر مانا، وئەمە پێی دەوترێت مانای دەقیدا" (الخولي، 2001، ص69)، لە زمنی پێكهاتەی تێكستدا، لە بەر ئەوەی ئەو مانایەی لە ناو دەقەكە گوزارشت لە خودی خۆی دەكات بە پێی ڕێكوپێكی زنجیرە كراوە سەبارەت بە ڕەگەزەكان وتاكەكان كە بەكارهێنراون لە سیاقی ڕستەكەدا كە خەسلەتێكی تایبەتی هەیە لە بەخشینی تەواوی ماناكە لە ڕێگای گشتگیری دەقەكەوە، بۆیە مانا مەرجە لە چوارچێوەی ڕستەدا وچۆنێتی پێكهاتنی، بۆ نمونە شانو پشت دەبەستێت بە مۆسیقی، جوڵە، ووتنی زاراكیی، ئاماژە ...هتد، ولێرەدا پرۆسەكە جیاوازی هەیە لەگەڵ هونەرەكانی دی، بۆ نمونە هونەری شێوەكاری پشت دەبەستێت بە وێنە وسیمبول كۆدكراو لە ناو پێكهاتەی دەقدا، بەڵام شێوەكاری هاوچەرخ زیاتر لە مودرەكاتی ئاماژەیی بەكار دەهێنێت بۆ ئاشكرا كردنی كارەكە، یان ئەنجامدانی كارێكی هونەری شێوەكاری، بەڵام پێشخستنی ئاكتێك یان جوڵەیەك یان ئاماژەیەك لە سەر چالاكێكی دی دەبێت مایەی گۆڕانكاری لە مانای سیاقی دەقەكەدا، وتێۆری سوسێری لە زمان دوپاتی ئەوە دەكاتەوە "وەكو دەستپێكێك بۆ ڕەوانبێژی گوتاری نوێ، كە بینیمان وا پێشبینی دەكات كو سیستەمێكە لە نیشانەكان، بێ هۆكارن، هەموو شتێك تێدا پەیوەندی وجیاوازییە، وئەمە بە واتای هەموو نیشانەیەك لە نیشانەكان وەزیفەی خۆی بە جێی ناهێنێت وەكو دەنگ كە نیشانەی ڕاستەوخۆی هەبێت لە شتێك یان مانایەك، بەڵام لە ناوەڕۆكدا جیاوازە لەگەڵ نیشانەكانی دی، وئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت كە مانای ووشەكان لە سەر شوێنەكانی ڕادەوەستێت لە ڕستەكاندا وجیاوازی لەگەڵ ئەوانی دی" (الفضل، 1992، ص15)، بۆیە سوسیر دوپات دەكاتەوە لە سەر سیستەمی ڕێكخراو یان زنجیرەی گێڕانەوە لە دەقی ئەدەبی هەروەها سەبارەت بە دەقی هونەری وتەلارسازی، وشۆینی ڕستە و وشەكان كۆنتڕۆڵی مانا وڕەوانبێژی گوتارەكان دەكەن لەوەی كە پەخش دەكرێت، هەروەها شوێنی تاكەكان و ڕەگەزەكان هەمان ڕۆڵ دەگێڕن لە هونەر و تەلارسازی، وەك ئەوەی لە شێوەی ژمارە (3) و(4) دەیبینین.

بۆیە ئەم پرۆسەیە بە تێكڕای مانا و گوتارەكان دەردەخات لە ڕێگای سیمبولەكان وڕەگەزەكان، بە واتایەكی دی ئەو توخمانە كە هەن لە كاری هونەری ئەدەبی یان تەلارسازی پشت دەبەستێت بە نیشانەكان، كە تێدا مەبەستەكان وئامانجی هونەرمەند و تەلارساز لە خۆ دەگرێت لە گەیاندنی ئەو گوتارەی كە بەرگێكی هونەری، تەلارسازی، ڕۆشنبیری، یان كومەڵایەتی پۆشیە بۆ نوخبەیەكی دیاری كراو یان لە بۆ تاكەكانی كۆمەڵگا بە گشتی، تەنانەت لە سەر ئاستی سیمبولی یان ئاماژەیی بۆیە دەبێت گێڕانەوەیەكی ڕێكخراو هەبێت لە چۆنێتی مامەڵە كردن لەگەڵ ڕووداوەكان، سەرباری ئەوەی "سیمیانستەكان هەستان بە داپۆشینی كارەكانیان بە بەرگێكی سیمبولی و نادیار- گریمانەی ئەوە دەكەن كە نهێنی گەورە حەشار دەدەن، ڕەنگە ئەم نادیارییە مەبەستێكی دیكەی لە پشتەوە بێت: و زۆر ئەستەمە تومەتی كەسێك بكرێت بە لادان لە ڕای ڕاست گەر توانای تێگەیشتنی تەواو نەبێت"(كوب، وزميله، 2001، ص109) ولەم حاڵەتەدا دەبینین پەیوەندی نێوان سیمیۆلۆژی وئایكۆنی، كە دووهەمیان بووە بەشێك لە مەرجەكانی یەكەم لە ڕووی هاوتاكردن لە نێوان نیشانە وناوەڕۆكەكەی بە پێی ئەوەی كە پێرس باسی لێیەوە كرد، یان نیشانە ئاماژە بە بابەتەكە دەكات لە ڕێگای سروشتی زاتی خۆیەوە، وهەروەها ئیكۆ دوپاتی دەكاتەوە كە نیشانەی ئایكۆنی تایبەتمەندی نوێنەرایتی شتەكە لەخۆ ناگریت، بەڵام دووبارە هەندێك مەرجی دركردنی هاوبەش بەرهەم دەهێنێت لە سەر بناغەی پێشینەی ئاسایی، وڕێگەش بە پێكهێنانی پێكهاتەی دركردن دەدات كە پەیوەندی ئەزموونی لەخۆ دەگرێت، وئەو نیشانەیە كە ئاماژە بە ئەزمونی ڕاستی دەكات لە لایەن هەمان هێمایە، و پێناسەی لێیەكچوون تاكە مەرجی ئەوەیە كە هێما نوێنەرایەتی شتەكە بكات كە ئاماژەی پێی دەكات لە ڕێگای لێكچوون گەر شێوەكە جیاوازیش بێت لەو شێوەیە كە نوێنەرایەتی دەكات، بەڵام مەبەست لە نوێنەراتی یان وێناكردن "ئەو ڕێگا جیاوازانەیە، كە

بابەتە فکرییەکان نوێنەرایەتی دەکەن سەر لە نوێ وە بەرامبەر فکر، هەروەها ئەو ڕێگانەیە کە فکر ئامادەکاری دەکات لە بۆ بابەتە دەرەکییەکان گەر لە حاڵەتی ئامادەنەبوونشیدا"(سعید، د.ت، ص117)، لە مەڕ ئەم پێناسەیەدا دیسان دووپات کرایەوە لە سەر هەبوونی تایبەتمەندی نوێنەرایەتی شتەکان یان بە پێچەوانە، وەکو ئەوەی ئیکۆ ئاماژەی پێی کرد، هەروەها سەر لە نوێ وە نوێنەرایەتی بابەتە فکرییەکان بکرێت، بە پێی داڕشتنێکی نوێ وجیاواز لە بابەتە سەرەکییەکە.



(3)



(4)



(5)

**3-2 چەمکی دەقی ئایکۆنی**

پێش ئەوەی باس لە چەمکی دەقی ئایکۆنی بکەین بە پێویستم زانی کە پێناسە یان وەسفێکی ڕوونی چەمکی ئایکۆن بکەین وەکو خاڵێکی سەرەکی لەم توێژینەوەیە، بۆیە ئایکۆن "بە مانای دروستکردنی لێکچوون لە نێوان دوو بڕ (Grandeurs) یان زیاتر، کە هەندێك فۆرمی سیمیۆلۆژی تێکەڵ دەکات لەگەڵ باگراوندەکەی لە جیهانی دەرەوە، وئەم هاووتایانە دەردەکەون لە خودی گفتوگۆ کاتێك بابەتەکە بەندە بە سیمیایی بینینەوە" (العابد، 2010، ص18) ئەم فرمانە بەندە لە نێوان دوو بڕی یەکگرتوو یان زیاتر لە ڕووی وەسف وهاولێکچوون بە شێوەیەکی گشتی، و ئەم پرۆسەیە هاوکێشەیەکی بیرکاریە لە نێوان درکپێکراو وئەو وێنەیە کە بوونی هەیە لە فکر و ئەو وێنەیە باگراوندی خۆی هەیە لە بیرەوەرییەکانی مرۆڤدا و بە تایبەت لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، بۆیە دەبینین ئایکۆن تایبەتمەندە بە پێکهاتە و نەسەقێکی تێکەڵ لە بنچینەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و وەزیفەی خۆی هەیە و بەندە بە ئامادەبوونی هەندێك تایبەتمەندی سەرەتایی، دەستپێکردن بە ئامادەبوونی کرداری دیاریکردنی ئەوەی کە شتێک وەک بەرهەمێک لە تێڕوانینی ئایکۆنی، وئیکۆ پشتی بەست بە "بۆرس کاتێك کە پێشنیاری پێکهاتەی مەعریفی کرد کە وێنەکە گرێ دەدات بە داتای دەرەکییەوە (هاوتای بابەتی) لێرەدا وەکو ئیکۆ دەڵێت: ئێمە لە وێنەکە تێناگەین لە دەستپێکەوە، بەڵکو بە بینینی نمونەیەکی پێشتر لە مێشك وەکو نێوەندێکی زۆرەملێ، و لێکچوونی ئایکۆنی لە کۆتایە شیکردنەوە بوونی نییە لە نێوان وێنە و واقع، بەڵکو لە نێوان وشیاری یان پێکهاتەی مەعریفی و وێنەدایە"(هەمان سەرچاوە)، وداتا دەرەکییەکان بە مانای هاوتای بابەتی نایەت کە بوونی هەیە لە ژینگەی دەوروبەر ومەرجی هەبوونی بوونەوەرە مادییە دەرەکییەکانی نییە، بەڵکو پێکهاتەی مەعریفی هونەرمەند یان تەلارساز بە دوای ئەو شتانە کە لێکچوونی هەیە لە مێشکی مرۆڤدا وبوونی هەیە لە ژینگەی دەوروبەر دەگەڕێت، وئەو لێکچوونە مەرجی لێکچوونی تەواوی نییە، تەنها لە چەند سیفاتێك یان مانا یان گرێدای مێژووی لە نێوان ئەو شێوەیە وشتەی کە نوێنەرایەتی دەکات، بۆیە تێوری بیرۆکەی نوێنەرایەتیکردن "بە واتای گریمانەی دامەزراوە بۆ یەك لە خاڵە نمونەییەکانی ڕەهایە کە وای دەبینێت فکر هەرگیز درکی شتەکان ناکات، بەڵام درکی بیرۆکەکان دەکات کە نوێنەرایەتی شتەکان دەکات" (سعید، سەرچاوەی پێشووتر) واتا شتەکان درك دەکرێت بە پێی بوونی فکری پێشوو، وەکو ئەوەی ئفلاتۆن ئاماژەی پێی کرد لە ڕێگای وتە بەناوبانگەکەی (بیر پێشی بوونە) لە ڕاوبۆچوونەکانی نمونەیەکاندا فکر لە پێشەوەی هەموو شتێکە، بەڵکو ئەو شتانە هەستپێکراون لە ناو دەچن نوێنەرایەتی ئەو بیرۆکە ووینە نمونەییە دەکەن کە پێشتر بوونیان هەیە، وئەو هەستپێکراواناە نوێنەری فکرن، وئەو نوێنەرە کە نوێنەرایەتی دەکات لە ڕێگای لێکدانەوە وادەکات کە نوێنەرەکە ئاماژە بە بابەتەکە بکات وئەمە فرمانێکی مومکینە بە پێی بۆچوونی دی سوسیر، وکێشەکە لێرەدا بەندە بە چەمکی ئایکۆن، وەکو ئەوەی پێرس باسی کرد بە مانای "هێمایەك ئاماژە دەکات بە بابەتێك کە تیدا دادەمەزرێت، بە پێی ئەو تایبەتمەندیەی کە هەیەتی، گەر ئەو بابەتە بوونی هەبێت یان نا"(الزميت، مقال ألكتروني) واتا پێرس مەرجی هەبوونی وێنەیی یان مادی دانانێ بۆ ئەو شتەی کە نوێنەرایەتی کراوە، وەرنگە ئەم شتە وێنەیکی وێنەیەکی زهنی یان تەسەوراتێکی عەقلی بێت گرێدرابێ بە زاتی هونەرمەند وتەلارساز کە ئاماژەی پێی دەکەن، هەروەها بوونی وێنەیی یان مادی دواتر دادەمەزرێت یان تەوزیف

دەکرێت لە ناو دەقی ئایکۆنی، ئەو کات وەزیفەکە وخوێندنەکەشی دەگۆڕدرێت لە شتێکەوە بۆ شتێکی دی، بۆ نمونە وێنەی چاو، کە چاوی مرۆڤە، ولە کاتێك دادەنرێت لە دەقێکی ئایکۆنیدا ڕاستەوخۆ ماناکەی دەگۆڕدرێت، وئایکۆن بە خۆی هێمایە وهاوتای زاراوەیی هەیە لە ڕووی مانا وئاماژە ووزیفەش، بەڵام ئایکۆن بەپێی بۆچوونی (مارتین جولی) کە دووپاتی کردەوە لە سەر "ئەم زاراوانە وەکو لێکچوون ونوێنەرایەتی وپێوانە کە بەکاردێت وەکو هاوتایەك بۆ ئایکۆن" (العابد، مقال ألكتروني)، لە بەر ئەوەی وەکو باسمان کرد ئایکۆن لای پێرس ئاماژە تێدایە کە حاڵەتی لێکچوون بە نوێنەرایەتی دروست دەکات لە جیاتی شتێك وپێوانەی هەیە لە ڕووی دامەزراندن وکارکردن بۆ ئەو شتەی کە نوێنەرایەتی کراوە، هەروەها گوتی هەموو هێمایەك ئایکۆنە ئەگەر نوێنەرایەتی کرد یان ئاماژەی تێدا دروست بۆ لە سەر شتێك، وئەم پەیوەندیە دروست بوو لە سەر بناغەی لێکچوون لە نێوان هێما وئەو شتەی کە نوێنەرایەتی کراوە ومەبەست لەم لێکچوونە گواستنەوەی بابەتەکە نییە وەکو خۆی، بەڵکو هەبوونی لێکچوون هەبێت لە هەندێك تایبەتمەندی، وئیکۆ وای دەبینێ کە "پشت بەستن بە سنورداریە لە ئاستی کورتکردنەوە دەبێتە تەڵەیەك، کە (پێرس) شێوەیەکی هێڵکاری (صيغة بيانية) زیاد دەکات بۆ ئایکۆن وپەیوەندی هەستپێکراوی نییە لەگەڵ بابەتەکەی، بەڵام هەندێك بەش لەو شتە پەیوەندی لێکچوون دروست دەکات لەگەڵ بەشەکانی دی لە هەمان شت"(الزميت، مصدر سابق)،ئەوەی کە ئیکۆ مەبەستێتی ناکرێت شتەکان کورت بکرێنەوە تا ئەم ئاستە، بەڵام پێرس ئاوات دەخوازێت کە ڕووبەرە گەورەکان کورت بکاتەوە لە زمنی نیشانە بچوکەکان بۆیە پەنا دەبات بۆ شێوەی هێڵکاری کە جیهان کورت دەکاتەوە ومیتافیزیك لە خۆ دەگرێت لە ڕێگای هێلەکان یان شێوە ئاسانەکان بۆ قەبارەی ئەو شێوەیە کە نوێنەرایەتی کراوە "وئەوە ڕادەگەیەنێت کە میتافۆرم تایبەتمەندیەکانی وێنەیی نمایش دەکات لە بۆ ئەو شتەی کە نوێنەرایەتی کراوە لە ڕێگای نمایشی ئاسۆیی لە شتێکی تردا، و(ئیکۆ) وای دەبینێ کە (پێرس) باس لە ئاستێکی دی دەکات کە ئایکۆن وێنەیەکی هزریە، وئایکۆنی هزری کۆمەڵە وێنەیەی بینراوە کە هێما ئاماژەی پێدەکات"(هەمان سەرچاوە) بۆیە ئایکۆن پێش ئەوەی مادی بێت بە خۆی ئایکۆنی هزرییە ئاماژەی پیکراوە لە ڕێگای کۆمەڵێك وێنەی بینراو وەکو ئەوەی پێرس ئاماژەی پێی کرد، وپەیوەندی لێکچوونی هەیە لە نێوان هێماکە وئەو شتەی بوونی هەیە لە جیهانی دەرەوە، بۆیە ئایکۆن مەرجی هەبوونی لێکچوون ونوێنەرایەتی هەیە لە نێوان هێما وشتێك، بەڵام وێنە هێڵکارێکە شێوەی کورتکراوەن لە خودی خۆیدا وشێوەیەکی دی نییە، گەر هونەرمەند بیەوێت هێمای ئایکۆنی دروست بکات لە شێوەی بازنە بۆ نمونە، دەبێت بازنەکە وەکو خۆی بگوازێتەوە، چونکە بازنە بازنەیە وناکرێت بە شێوەیەکی دی دروست بکرێت، ودواتر هێما ئایکۆنییەکە دەبێتە هەمان شت کە ئەویش بازنەیە، بەڵام دەکرێت بازنە وەربگیرێت لە جیاتی مانا ومەبەستی دی، لە بەر ئەوەی بازنە گوزارشت لە شتە هەستپێکراوەکان دەکات هەر لە کۆنەوە، بۆ نمونە بەردەوامی دەکرێت هەستی پێ بکرێت لە ڕێگای بازنەوە کە تێدا ناتوانرێت خاڵی دەستپێك وکۆتا دەستنیشان بکرێت، بۆیە دەبینین زۆر لە هونەرمەندان وتەلارسازان ئەم شێوەیە بەکار دەهێنن لە بەرهەمەکانیان.

هونەری شێوەکاری و تەلاری هاوچەرخ پشت دەبەستێت بە رەگەزی لێکچوون ونوێنەرایەتی لە پێکهاتەی دەقە داهێنراوەکان لە پێکهێنانی بونیادێکی ئایکۆنی شێوە ئەندازییەکاندا، وئەمە لە مۆنۆمێنتی هەڵبجە بەدی دەکرێت شێوە ژمارە (5) کە نوێنەرایەتی "کومەڵکوژی ولە دایك بوونی ئەفسانەیەکی نوێ میلەتی کورد دەکات، وئەم مۆنۆمێنتە بە میتافۆرییەوە گوزارشت لە جەوهەری گەلی کورد دەکات لە ڕووی دەربڕین ودەرکەوتنی یادەوەرییە کوردییەکان کە پشت دەبەستیت بە باگراوندی ڕۆشنبیرییەوە" (Othman, 2018,p8)، هونەرمەند، تەلارساز توانی فۆکس بخاتە سەر حاڵەتێکی مرۆڤایەتی وبەرجەستەکردنی لە ڕێگای پێکهاتەی ئایکۆنی لە بازنەوە کە جێگای سەرەوە کارەکەی دروست کردووە لە بۆ شێوەی هەردوو دەستەکە، دواتر قۆڵەکان لە ڕێگای پیکهاتەی سێ گۆشەیی دروستکراوە بۆ یەکخستنی هەردوو قۆڵەکە لە یەك کوتلەدا، وئەم یەکخستنە تەنها لە بۆ پێکهاتەکان نیە بەڵکو دەگات بە مانای یەکرێزی هێزی تەواوکەر بۆ هەردوو قۆڵەکە کە دەرکەوت بە یەك پارچە یان یەك جەستە لە لای سەرەوە لە ژێر هەردوو ناودەستەکە، ودواتر بناغەکە دەکرێتەوە بۆ ئەوەی کوتلەی بینای هۆڵەکە دروست بکات لە خوارەوە وهەموو کەل وپەلی بیناکە لە خۆ کۆبکاتەوە لە ڕێگای شێوەیەکی بازنەیی بۆ پێکهاتەی بیناکە بە گشتی، ودواتر لای خوارەوەی خوارەوە دروستکراوە لە ڕێگای شێوەیەکی لاکێشەیی کە کوتلەی بیناکە بەرجەستە دەکات بەڵام بە شێوەیەکی چەمکراو بۆ یەکخستنی هەردوو قۆڵەکە لە ناوەندی ڕووبەری هەردوو ناودەستەکە وپێکهاتەی بیناکە، بۆیە هونەرمەند لێرەدا بەرجەستەی ئەم حاڵەتەی کردووە لە ڕێگای ئایکۆنی ئەندازەییەوە.

**نیشانەکانی چوارچێوەی تێوری**

1- ڕەنگە کەسایەتێکی دیاری کراو زاڵ بێت لە بەشی سەرەکی ئایکۆنە بە قەبارەیەکی گەورەتر لەوانی دەوروبەر.

2- دەمر وچاوەکان لە وێنەکانی ئایکۆنی دەکێشێت بە شێوەیەك کە سیمای پیرۆزی وهەتاهەتای وروحی تێدایە لە هەمان کات.

3- پێ دەچێت هونەری شێوەکاری وتەلارسازی هاوچەرخ پشت ببەستێت بە ڕەگەزەکانی لێکچوون لە پێکهاتەی دەقی ئایکۆنی.

4- سیمیۆلۆژی وابەستەی دەقی ئایکۆنیە لە ڕێگای پەیوەندییەکان لەگەڵ ژینگەی چواردەور وکرۆکی ململانی سیمیۆلۆژی.

5- زۆرجار خوێنەر پشت نابەستێت بە غەیری دەق نەبێت بە پێی بنەمای (المحایثة) کە دەقەکە بێ لایەن دەکات.

6- توخمێك یان تاکێك زۆر جار کاریگەری دەبێت لە سەر مانای پێکهاتەی گشتی وەکو بەرهەمێکی سیاقی کارە هونەری وتەلارسازییەکە.

7- پێشخستنی چالاکێك یان جوڵەیەك، یان ئاماژەیەك لە سەر چالاکێکی دی دەبێتە مایەی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی مانای دەقەکە.

8- ئایکۆنە بە مانای دروستکردنی لێکچوون لە نێوان زیاتر لە یەك گۆڕاو، بۆ کۆکردنەوەی ڕێکخراوێکی سیمیۆلۆژی لەگەڵ باگراوندەکەی.

9- ئایکۆن تایبەتمەندی هەیە لە پێکهاتە ورێکخستنی تێکەڵ کە بنچینەدارە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ووەزیفەی هەیە بەندە بە دامەزراندنی ئامادەبوونی هەندێك تایبەتمەندی سەرەتایی.

**2- ڕێکارەکانی توێژینەوە**

1-3 **کۆمەڵگای توێژینەوە:** بەرهەمە داهێنراوەکان لە خۆ دەگرێت گەر تابلۆی هونەری یان کاری تەلارسازی بێت، لە بەر ئەوەی پێکهاتەی دەقی ئایکۆنی بریتیە لە چۆنێتی بونیادنانی شێوەیی لە بەرهەمە هونەری وتەلارسازییەکان، کە بەرهەمهێنرا بە پێی دیاریکەرەوەکانی شێواز لەو ماوەیە لە بۆ میتۆد ویاسا وبناغە ئەو قوتابخانە هونەریانە کە کاریگەری هەبووە لە سەر شێوە ونیشانەکانی مێژووی، لە ڕووی دەرخستنی گۆڕان، لەناوبرد، وکورتکردنەوە، کە پشت دەبەستێت بە زۆر لە فاکتەرەکان لە ئەنجامدانی کاری هونەری ئامرازەکانی وتەکنیکەکانی.

وکۆمەڵگای ئیم توێژینەوە ڕادەوەستێت لە سەر پێکهاتەی دەقی ئایکۆنی کە کۆمەڵێك ئاماژە فکری پەخش دەکات لە هونەری شێوەکاری وتەلاری هاوچەرخ، لەم ماوەیەدا ولە ڕێگای ڕاپرسیە سەرەتاییەکانەوە، ولە دوای هەوڵێکی زۆر بۆ بەدەستهێنانی ژمارەیەك کار کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوە بکات، بۆیە توێژەر شیکردنەوەی نمونەکانی دەکات لە ڕێگای میتۆدی وەسفی شیکردنەوە.

2-3 **نمونەی توێژینەوە:** هەڵبژاردنی نمونەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بوو کە بگونجێت لەگەڵ داواکارییەکانی بابەتی توێژینەوەکە وئامانجەکانشی بپێکێت.

**3-3 ئامرازی توێژینەوە:** پشت بەستن بە دامەزراندنێکی مەعریفی لە چوارچێوەی تێوری (وەرزی دووەم) ونیشانەکانی لە دەرخستنی پێکهاتەی دەق کە کاریگەری هەبوو لە سەر شێوە، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە بپێکین.

**شیکردنەوەی نمونە**





| نمونە (1أ) | نمونە (1ب) |
|---|---|
| ناوی هونەرمەند: رزگار فەقی | ناوی کار: هوتیلی شابالاص |
| ناوی کار: گەرەکی کوردی | پارێزگا: هەولێر |
| مێژووی بەرهەمهێنانی: 2006 | مێژووی بەرهەمهێنانی: 2019 |
| مەتیریاڵ: رەنگی رۆنی لە سەر کانفاس | ناوی تەلارساز:سەنگەر نامق رحمن |
| قەبارە: 100×70سم | سەرچاوە: هوتیل شابالاص |
| ئەرشیفی تایبەتی هونەرمەند | |

**شیکردنەوەی نمونە (1أ و1ب)**

کاتێك کە دیقەتی ئەم دوو نمونەیە دەدرێت (هونەرمەند وتەلارساز) هەستاون بە بونیادنانی کارەکانیان لە رێگای چەند ئاستێك لە چوارگۆشەکان بە پێی سیستەمی دووبار بوونەوە وبە یەك رەنگ لە سەر خانی یان لە یەك لە گەرەکەکانی شاری هەولێر، بەڵام تەلارساز هەستاوە بە رێکخستنی پێکهاتەکانی لە سەر دیواری هوتێلەکە، وهونەرمەند پێکهاتە چوارگۆشەکانی دابەش کردووە بە شێوەیەکی هەرەمەکی وبە رەنگی شین، وهەندێکیان خوار بووە بەلای راست وئەوانی دیش بەلای چەپ لە سەر سەربانێکی خوار وخلیج ونا رێك ودەڵێی رووبەری دیوارێك سواق دراوە بە قور لە لادییەکان، هەروەها دەکرێت دیقەتی سەحنی سەتەلایتەکە بکەین لە لوتکەی کوتلە شینەکەیە، بەڵام ئاستی دووەم بریتیە لە کۆمەڵێك خاونووی دی بە رەنگی برتقالی مەیلەو لای پەمەیی ودواتر بەرەو لای زەرد دەڕوانێ لە وێنەکێشانی کۆمەڵێك چیا بە رەنگی زەرد ومەلەکان بە رەنگی قاوای تۆخ، لە کاتێکدا تەلارسازەکە بە ئەنقەس دەم وچاوی بیناکەی دروستکردووە لە کۆمەڵێك پەنجەرەی چوار گۆشە وبەیەك رەنگ وەکو ئاماژەمان پێی کرد، وبە شێوەیەکی ریك وپێك کە داڕشتنی سیستەمی گشتی بیناکە ئەنجامداوە.

هونەرمەند وتەلارساز وبەتایبەت لەم دوو بەرهەمە کە دانشتووی شاری هەولێرن، هەردووکیان کاریگەری کەش وهەوا ومێژووی درێژی ئەم شارەیان لە سەرە، هەروەها کاریگەری قەڵا بەدی دەکرێت لە سەر هەردوولا لە داڕشتنی هێڵی گشتی ئەم دوو کارە، وبەتایبەت لە دەرخستنی شێوەیەکی ئایکۆنی چوارگۆشە کە دابەش کراوە بە سەر چوار پارچەدا وبەکار هاتووە لە کارە هونەرییەکە لە لایەن هونەرمەند رزگاری فەقی وتەلارساز سەنگەر نامیق، وەکو ئەوەی کە بەدی دەکرێت ئەم شێوەیە مێژوویەکی دوور ودرێژی هەیە لە بونیادنانی قەڵای هەولێر کە ناسراوە وەکو پێکهاتەیەکی ئایکۆنی کە کۆمەڵێك تاقی چوار گۆشە دەیرازێنێتەوە لە رووبەرە نیشانکراوەکان لە جەستەی قەڵا.

بەڵام هونەرمەند فەقی توانی کارەکەی رێکبخات بە شێوەیەکی گشتی لە رێگای چەند ئاستێك لە رەنگ وپێکهاتە کە دەگاتە ئاستی دووبارە داشتنی قەڵای هەولێر بەڵام بە روانگەیەکی جیاواز، سەرباری هەبوونی زۆرێك لە چاڵ وچۆڵی تری کە فۆرمی گشتی کارە هونەرییەکە دەڕازێنێتەوە، لە رێگای ئەم کارە دەکرێت دیقەتی خاڵێکی سەرەکی بکرێت ئەوێش هەڵقولاندنی شێوەی گشتی قەڵا لە ناو ناخی ئەم هونەرمەندی، وسەرباری هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کارەکەی هیناوێتی بەڵام لە ناخەوە مایەوە لە چواردەور وناوخۆی بیانە مێژووەکەی قەلا، هەروەها توانی بناغەی سەرەکی قەڵا دووبارە دابڕێژێتەوە.

وزۆر لەو ووردەکاریانەی کە دەبینرێ لە سەربانەکە وەکو سەحنی سەتەلایت وعامودی گچکە وعامودی تەلەفیزۆن کە جێگیر دەکرا لە سەربانەکان..ولێرەدا دەقە هونەری وتەلارییەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە بە دەقێکی ئایکۆنی کە حاڵەتێکی لێکچوونی دروستکردووە لە نێوان زیاتر لە یەك گۆڕاو ئەویش شێوە ئایکۆنی وهاوتابوونی بابەتی یان ئەو وێنەیە کە جێگیرکراوە لە هۆشیای مرۆڤدا، بۆ ئەوەی نەسەقێکی سیمیۆلۆژی کۆبکاتەوە لەگەڵ پێشینەکانی، وئەم نەسەقە وێنەیەکی دییە بۆ ئەو شتە نوێنەرکراوەی لە دەقی ئایکۆنی ئێستا، وهەندێك سیفاتی هاوبەشی هەیە، ولەهەمان کاتدا لەم دووکارە دەبینرێت کە نوێنەرایەتی حاڵەتێکی مێژووی دەکات لە دەقە سۆمەری وئاشوری وئەکەدی وئیسلامیش، هەروەها قەڵای هەولێر کە دەرکەوتەکانی دەبینرێت لە پێکهاتەی ئەم دوو دەقە ئێستا.

بۆیە ئایکۆن تایبەتمەندی خۆی لە رووی پێکهاتە و نەسەقێکی تێکەڵ وبنچینەیی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆن یان نوێ و وەزیفەی خۆی هەیە، کە بەندی بە دامەزراندنی ئامادەبوونی هەندێك تایبەتمەندی سەرەتایی، وئایکۆن بونیادی خۆی هەیە پشت دەبەستیت بە پەیوەندییەکان لە نێوان پێکهاتە وپێکهاتەی دی، ولەم رێگایەوە کۆمەڵێك رەگەز وتوخم بە خۆیەوە دەبەستێت کە دەبێت مایەی دامەزراندنی بزوتنەوەیەك لە سیستەمی شێوە کە خوینەر تەنها پشت بە دەقەکەی دەبەستێت وئەویش تەنها رووکەشی دەرەوەی

شێوەکەیە، ودەق لێرەدا بێلایەنی خۆی وپێگەی خۆی هەیە لە لای بینەر وناکرێت پەنا لە بۆ شتی تر ببردرێت بە پێی بنەمای (المحايثة).

هەروەها دەقیش بریتیە لە کۆمەڵێك ووشە لە دەقێکی نوسراو وکۆمەڵێك ڕەگەز لە کارە هونەری وتەلارسازییەکە، بەڵام تاکە توخمێك سەرباری ئەوەی پێگەکەی جیاوازی نییە لەگەڵ پێگەی توخمێکی دی لەهەمان کاتدا کاریگەری لەسەر مانای پێکهاتەی گشتی بەرهەمە هونەری وتەلارسازییەکان، وئەمە بە واتای هەر گۆڕانکارییەك لە جێگای ئەو توخمانە دەبێتە مایەیی گۆڕانکاری سیاقی گشتی ماناکان، بۆیە دەقەتی ئەوە دەکرێت لەم دوو نمونەیە کە دارشتنی دەقی ئایکۆنی تەنها لە ڕێگای چوارگۆشەکان وبنەمای دووبارەبوونەوە کراوە.

ئەم دووبارەبوونەوە بنچینەکانی لە هونەری ئیسلامی بەدی دەکرێت، کە گوزارشتی لە هێزی ڕەهای خودای گەورەی دەکرد بە سەر هەموو فەلەك وزەوی ومرۆڤدا بە شێوەیەکی گشتی هەروەها گوزارشتی لە بەردەوام بوون دەکات لە جموجوڵ، کە وا لە بینەر دەکات بەردەوام لە جولەدا بیت لە کاتی دیقەت دانی خاڵێکی نیشان کراو لەم کارەدا، وهونەرمەندی ئیسلامی فۆکسی یەکەیەکی دەدا ودووبارەی دەکردەوە وەکو چوارچێوەی گشتی لە نەخشەسازی ڕووەکەکان بە تایبەت لە هونەری ئیسلامی، بەڵام لە هونەری شێوەکاری بە گشتی و شێوەکاری هاوچەرخ بە تایبەتی کە هەموو مودرەکاتە هەستییەکان بەکار دەهێنرێت وەکو دەنگ و وێنە وجولە و هەر چالاکێکی دی ببێتە مایەی بەکار هێنانی جولە لە پێکهاتنی کای هونەری، وهەر پێش وپاش خستنی هەر چالاکێك یان جموجۆڵ دەبێتە مایەی گۆڕانکاری لە سیاقی دەقی ماناکە.

| | |
|---|---|
|  |  |
| نمونە (2أ)<br>ناوی هونەرمەند: روستم اغالة<br>ناوی کار: ئافرەت لە ماڵی خۆیدا<br>مێژووی بەرهەمهێنان: 1998<br>مەتیریاڵ: ڕەنگی ڕۆنی لە سەر کانفاس<br>قەبارە: 200×150سم<br>ئەرشیفی تایبەتی هونەرمەند | نمونە (2ب)<br>ناوی کار: هوتێلی ولات<br>پارێزگا: هەولێر<br>مێژووی بەرهەمهێنان: 2010<br>ناوی تەلاساز: احمد جواد حازم<br>سەرچاوە: هوتێلی ولات |

**شیکردنەوەی نمونە (2أ، 2ب)**

لە کاتی دیقەت دانی ئەم دوو نمونەیە دەبینین هونەرمەند ڕۆستم ئاغەلە توانی دیمەنێکی کەلتوری کوردی کۆن ئەنجامبدات بە ڕوانگەیەکی نوێگەرایەتی لە ڕووی پێکهێنانی ڕەنگ وچۆنێتی دابەشکردنی توخمەکان وڕەگەزەکان کە هەمووی کۆ دەبێتەوە لە چوار دەوری کەسایەتێکی (ئافرەت) کە دەستی چەپی لە نزیك گوێی چەپی داناوە وتەمەشای کەڵەبابێك دەکات لە لای ڕاست، وباگراوندی ئەم کارە هونەرییە کێشراوەتەوە بە کۆمەڵێك ڕەنگ ویەکەکانی نەخشەسازی کە بنچینەکانی لە قوڵایی مێژووی کوردی داکوتاوە، وفەرشی کوردی لە وەتەی بوونی هەیە ودەرکەوتووە تایبەندێکی هەیە لە ڕووی ئەو یەکە نەخشێنراوەکانە کە دەیرازێنێتەوە لە ڕێگای کۆمەڵێك شێوەی چوارگۆشە وسێگۆشە وبازنە ودواتر تێکەڵ کراوە لەگەڵ هەندێك پێکهاتەکانی دی، لە هەندێکیان هونەرمەند پشت بەستووە بە بەکارهێنانی ڕەنگە ساردەکان ولە ڕووبەرەکانی دی ڕەنگە گەرمەکانی بەکارهێناوە وهەندێك ڕووبەری دی تێکەڵکێشی کردووە لە نێوانیان، بۆیە کەلتوری کوردی لێرەدا ئەکتیڤ کراوە وبوونێکی چالاکی هەیە لە لایەن زۆربوونی ڕەنگەکان وهەمەجۆری چۆنێتی دأرشتن وپێکهێنان وبازنەکانی بەکارهێنانی ڕەنگی وپلەکانی جگە لەو پاکێجە ڕەنگییە کە کۆدەبێتەوە لە

ڕووبەرێکی نیشانکراو ودواتر جیاکراوەتەوە بە جیاکەرەوەیەك لەگەڵ ڕووبەرەکانی دی کە هەمان چڕی ڕەنگی هەیە، ولە ناوەندی ئەم هەمووە زاڵبوونی کەسایەتی ئافرەتێك دەبینرێت لە ناوەندی کارەکە، بە قەبارەیەکی گەورەتر لە کوتلە وپێکهاتەکانی دی.
هەروەها هونەرمەندەکە توانی وێنەی دەم وچاوی ئافرەتەکە بکێشێت بە شێوەیەکی پیرۆز وسیمای ڕەها لە خۆ دەگرێت وروحی تێدایە لە هەمان کاتدا، واتا هونەرمەند دەم وچاوەکەی کێشاوە بە پێی ڕوانگەیەکی هەتاهەتایی تێکەڵ بە ڕەنگەکان یەکەی نەخشەسازییەکە کە پێکهاتووە چوارگۆشە ورەنگ کراوە بە ڕەنگی سور وسەوز و گرێدراوە بە پێکهاتەی دەقی ئایکۆنی لە ڕێی پەیوەندییەکان لەگەڵ ژینگەی چواردەور وکرۆکی ململانی سیمیۆلۆژی لە ڕووی ئاماژەکردن بە هەندێك شت کە وابەستەی واقعی کۆمەڵگای کەلتوری کوردییە، هەروەها وەکو ئەوە وایە کە تەلارساز ئەحمەد جواد پشتی بەستبێت بەم کارە لە کاتی ئەنجامدانی تەلارەکەی، وبەتایبەت لە لایەنی پێکهێنانی ڕەنگەوە کە ڕێچکەی لە سیستەمی دەقە فلکلۆرییەکان کوتاوە، بۆ زانیاری زیاتر کەڵەکە بوونی کۆمەڵێك چوارگۆشە وشێوە ئەندازییەکان لە کوتلەیەکی دیاریکراو وکۆ دەبێتەوە لە چوارچێوەیەکی دیار، هەروەها ئەنجامدانی شێوە ئەندازییەکان دی لە رووبەرەکانی دی، هەروەها تەلارساز هەستا بە بەرجەستەکردنی فۆرمێکی ئەندازەیی لە روکنی بیناکە هەروەك بڵێی کەسایەتی ئافرەتێکە لە کارێکی هونەری لای هونەرمەند ئاغەلە، بۆیە هونەی شێوەکاری وتەلارسازی هاوچەرخ پشت دەبەستێت بە ڕەگەزەکانی لێکچوون لە پێکهاتەی دەقی ئایکۆنی، واتا کۆمەڵێك ڕەگەزی لێکچوون ودەرکەوتە هەیە لە هەردوولا، وەکو ئەوەی کە دەبینین لەم دوو نمونەیە وبەتایبەت دووباربوونەوە لە شێوە ئەندازییەکان ویەکە نەخشەییەکان وچۆنێتی کۆکردنەوەی کۆمەڵێك لەم شێوانە لە خوارەوەی ئەم دوو نمونەیە ودەستنیشانکردنی چوارچێوەی دیاریکراو لە جیاکردنەوەی رووبەرێك لەگەڵ ڕووبەرێکی دی، وئەم چارەسەرانە دەبێتە هۆی دامەزراندنی بونیادی دەقێکی بێ هاوتا لە ڕووی شێواز وچۆنێتی داڕشتنی دەقە ئایکۆنی، بەڵام بینەر پشت دەبستێت تەنها بە دەقە کە کرۆکی بونیادنانی شێوەیە لە کاری هونەری وتەلارسازی وەکو دەقێکی بێ لایەن بە بنەمای (المحایثة)، هەردوو هونەرمەند وتەلارساز ڕەنگی تۆخیان بەکار هێناوە لە هەندێك لە ڕووبەرەکان کە سیفەتی هەستی قوڵایی دەدات لە پێکهێنانی شێوەی گشتی، هەروەها داڕشتنی شێوەکە بە پێی ڕێخستنی زنجیرەیی لە بەر ئەوەی توخمێك یان ڕەگەزێك کاریگەری هەیە لە سەر مانا پێکهاتەی گشتی وەکو بەرهەمهێنێکی مانای سیاقی کاری هونەری وتەلارسازی، ونەسەقی ئایکۆنی تایبەتە لە پێکهاتن وڕێکخستنی تێکەڵ کە ڕیچکەی داکوتاوە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ووەزیفەی هەیە لە دامەزراندنی ئامادبوونی هەندێك تایبەتمەندی سەرەتایی.
دواتر پێکهاتەی دەقی ئایکۆنی لەم دوو نمونەیە تایبەتمەندە لە گوزارشت کردن لە قوڵایی بنچینەی بونیادنانی کۆمەڵگای کوردی وململانی ڕۆشنبیری ودەرگای لە هەردوو لا کردەوە لە ڕووی سیاقی مێژووی وچۆنێتی بەکارهێنانی تاکەکان لە شێوەیەکی هونەری وتەلارسازی کە دەگاتە قوڵایی مێژووی کورد وبە تایبەت لە بەکارهێنانی تاقەکانی پەنجەرەکان وچوارگۆشەکان لە نەسەقی هونەری کە بە ڕوون وئاشکرا بەدی دەکرێت لە کوتلەی بینایی قەڵای هەولێر لە لایەك، وهەبوونی ڕوانگەیەکی مۆدێرنزم لە پێکهێنانی شێوە لە هەردوو لا لە ڕووی کورتکردنەوەی زۆرێك ووردەکارییەکان و پێکهاتنی کۆمەڵێك ڕەگەز وتاك بە بێ شێوازی باوهاوس وەکو قوتابخانەیەکی ئۆرپی کە دووپاتی داڕشتنی شێوەکان دەکات بە بێ ووردەکاری کە لە شێوازی باروك وروکۆکۆ بەدی دەکرا.
لێرەدا هونەرمەند وتەلارساز سەرقاڵی دەرکەوتنی پێکهاتەی دەقی ئایکۆنی کوردین بە پێی داڕشتنی بونیادنەری سیستەمی کۆمەڵایەتی کاریگەری ژینگەیی کە کاریگەرییەکان بە جێ هێشت لە سەر تەلارساز وهونەرمەند وەکو یەك، وهونەرمەند سەرباری کارە هونەرییەکەی وگەیشتن بە پێکهێنانی هونەری دوور لە داڕشتنی ئەندازەیی بەڵام توانی تۆویەکی کوردی بچێنێت لە سیاقی پێکهێنانی دەقەکان، هەروەها تەلارساز فۆکسی خستە سەر بلۆکە کۆنکەریتیەکان وشێوە ئەندازەییەکان ودوور کەوتەوە بیرۆکە هونەرییەکان، سەرباری ئەوە مایەوە لە هەڵقولاوی پێکهاتەی دەقێکی فلکلۆری کوردی، وتوانی ڕەگی هونەری کەلتوری کوردی دابمەزرێنێت لە فۆرمێکی بینای کوتلەیەکی تەلاری کە ئەم کارە بەرجەستەی کردووە و بە تایبەت شێوە ئەندازییەکان کە دەریخست بە پێ دروشمە هونەرییەکان و بەرجەستەی بینایەکی کوردی دەکات.

**4- ئەنجام و دەرئەنجامەکان:**

1. لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوت کە پێکهاتە گەورەکان زاڵن لە داڕشتنی دەقی ئایکۆنی بە بەراورد لەگەڵ پێکهاتە بچووکەکان کە لە دەوری پێکهاتە گەورەکاندا کۆدەبنەوە، چ لە بەرهەمی تەلارسازی یان هونەری هەولێردا.
2. پێکهاتەی ئایکۆنی لەسەر بنەمای توخمە لێکچوون لە هەندێک لایەنی وهاوشێوەکانی لە لایەنی تردا، سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی کراوە لە شێوەکان بە گشتی کە دەکرێت لە کاری هونەری و بیناسازیدا بەدی بکرێت لە هەولێر.

3. دەقی ئایكۆنی بە پەیوەندیە ناوەكییەكانی نێوان توخمەكانی دیاری دەكرێت، كە لە ڕێگەیەوە پێكهاتەی دەقی ئایكۆنی لە تەلارسازی و هونەری شێوەكاری هەولێردا ڕەنگی داوەتەوە.

4. هێماكان لە ڕێگەی پەیوەندییەكانی لەگەڵ چواردەور جێگەی خۆی لە نێو پێكهاتەی دەقدا دەسەپێنێت لە بەرهەمی هونەری وتەلارسازی هەولێر.

5- دەقی ئایكۆنی بە پێی پرەنسیپی لێكدان (المحايثة) سەربەخۆیە، بۆیە خوێنەر پشت دەبەستێت بەو سەربەخۆییە لە دارشتنی دەقەكەدا.

6- مانا سیاقی دەقی ئایكۆنی پشت بە وشە و پێكهاتەكان دەبەستێت، كە ئەمەش لە بەرامبەردا كاریگەری لەسەر مانای پێكهاتە گشتییەكەی هەردوو بەرهەمی بیناسازیی و هونەریی هەیە لە شاری هەولێر.

7. دەقی ئایكۆنی حاڵەتی لێكچوونێك دروست دەكات لە نێوان زیاتر لە یەک گۆڕاو، كە تێیدا نەسەقی سیمیۆلۆجە كۆدەكاتەوە لەگەڵ پێشینەكانی وێنەی درك پێ كراو لە لای تەلارساز وهونەمەند شێوەكاری.

8. پێكهاتەی دەقی ئایكۆنی مۆدێلێكی دووبەرەكی ورەگی لە سیستەمی كۆمەڵگەدا هەیە و فانكشنێكی تایبەتی هەیە لە ڕووی دامەزراندنی بوونی هەندێک لە تایبەتمەندییە سەرەتاییەكان.

**5- پەراوێزەكان:**

ئایزۆمیتری (بە ئینگلیزی: Isometric illusion) یەكێكە لە جۆرەكانی فێڵكردنی چاو، ویێی دەوترێت فێڵی شێوە تاریكەكان یان ناوخۆییەكان/ دەرەكییەكان، كە بریتیە لە شێوەیەك بونیاد دەنرێت بە گشتی بە هەمان ڕەهەندەكانی (واتا پێوانەكانی یەكسانن) وەكو هێڵەكانی ئایزۆمیتری كە ئاماژە بە لایەنی ڕێژەیی ناكات لە نێوان پێكهاتەكانی شێوەكان، بۆ هەست كردن بە شێوەكان، وشەش پاڵوەكەی نیكر یەكێكە لە بەناوبانگترین فێڵی ئایزۆمیتری لە ڕووی یەكسانی پێوانەكان، كە یەكەم جار بڵاو كرایەوە وەكو شێوەی (معینی) لە ساڵی 1832 لە لایەن كەسێكی سویسری بە ناو ألبرت نیكر. /https://ar.wikipedia.org/wiki

المحايثة: چەمكێكە كە زیاتر لە ناو قوتابخانە ڕخنەییەكان بەكار دەهێنرێت لە سەرەتای شەستەكان، وپێشتریش بەكار هاتووە لە لای ارستۆ وئیفلاتۆن...مانای ئەوەیە كە دەبێت تێكست جودا بێت لە هەموو شتێك واتا تەنها واتا بێی لایەن بێت لە هەموو شتێك لە دەرەوەی تێكستەكە، بە واتای جیاكردنەوەی تێكستەكە وقوتار بوون لە هەموو ئەو دەقانەی دەوروبەری. توێژەر

**6- لیستی سەرچاوەكان:**

-إيما غريب خوري، الايقونة، شرح وتأمل، ط2، منشورات النور، لبنان – بيروت، 2000.

-بلقاسم الزميت، المسارات العامة لتحديد مفهوم العلامة، مقال منشور ألكترونياً، للمزيد يرجى الاطلاع على: https://www.aljabriabed.net/n57_04azmit.htm

-تريس بويل، وجاري كمب، التفكير النقدي، دليل مختصر، ط1، ترجمة: عصام زكريا جميل، المركز القومي للترجمة، مصر- القاهرة، 2015.

-جلال الدين سعيد، معجم المصطلحات والشواهد الفلسفية، دار الجنوب للنشر، تونس، د.ت.

-جودت جابر، واخرون، المدخل الى علم النفس، ط1، مكتبة دار الثقافة، عمان، 2002.

-سلام أدور اللوس، خصائص الاشكال الفنية في الرسوم الايقونية البيزنطية، مجلة الاكاديمي، جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة، العدد 55، 2010.

-صدوق نورالدين، البداية في النص الروائي، ط1، دار الحوار للنشر والتوزيع، سوريا – اللاذقية، 1994.

-صلاح الفضل، بلاغة الخطاب وعلم النص، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، عالم المعرفة، الكويت، 1992.

-صلاح الفضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، ط1، دار الشروق للنشر، مصر-القاهرة، 1998.

-عبدالمجيد العابد، الايقونة في السيميائيات البصرية، مجلة الايقونات، العدد الاول، المغرب، 2010.

-عبدالمجيد العابد، مفهوم الأيقونية في السيميائيات، 2010، مقال منشور، للمزيد ينظر: /http://www.odabasham.net

-عدنان بن ذريل، النَصُّ والأسْلوُبيَّة، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، سوريا – دمشق، 2000.

-فيصل الاحمر، معجم السيميائيات، ط1، منشورات الاختلاف، الجزائر-الجزائر العاصمة، 2010.
-كاتي كوب، وزميلله، إبداعات النار، تاريخ الكيمياء المثير من السيمياء الى العصر الذري، تر: فتح الله الشيخ، مراجعة: شوقي جلال، عالم المعرفة، الكويت، 2001.
-لديكرو، وتودوروف، القاموس الموسوعي لعلوم اللغة، فرنسا - باريس، 1972.
-محمد علي الخولي، علم الدلالة (علم المعنى)، دار الفلاح للنشر والتوزيع، الاردن، 2001.
-مريم الشنقيطي، الخطاب الاشهاري في النص الادبي، دراسة تداولية، دار الفيصل الثقافية للنشر، السعودية- الرياض، د:ت.
-مجموعة من الخبراء، موسوعة الكتاب المقدس، دار منهل الحياة، منصورية، 1883 م .
-يو، متري هاجي و سمير انطوان خياط، أيقونات دمشق – موسوعة الايقونات السورية، ج1 ، مركز طارق، دمشق، 2012 م.
-Halima A Othman. Architectural Identity Shaped by the Political System, Kurdistan Region Since 1991 as a Case Study, Journal of Architectural Engineering Technology, University of Zakho, Duhok, Kurdistan region, Iraq, 2018, p8.
-https://ar.wikipedia.org/wiki/

**بنية النص الايقوني في الفن التشكيلي والعمارة المعاصرة**
**(محافظة أربيل أنموذجاً)**

**سيروان رفعت أحمد**
كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين- أربيل
sirwan.ahmed@su.edu.krd

**علاء شاكر محمود العتبى**
كلية الفنون الجميلة- قسم التربية الفنية/ جامعة ديالى
dr.aletby@gmail.com

**ازاد حمه احمد**
كلية الهندسة- قسم المعماري/ الجامعة الامريكية/ دهوك
Azad.ahmed@auk.edu.krd

**ملخص**
تتكون الدراسة الحالية التي ترتكز على (بنية النص الايقوني في الفن التشكيلي والعمارة المعاصرة) من أربعة فصول، احتوى الفصل الأول الإطار المنهجي مشكلة البحث والتي رصدت، هل أن الفنان والمعماري تمكنا من تقديم أعمال فنية معمارية ذات علاقات تكاملية قائمة بين الشكل والمعنى ومدى تطابقها أو اختلافها مع مقاصدها الفكرية عبر إيجاد نظام فكري بنائي، وأهمية البحث، وهدف البحث هو كشف تمثلات (بنية النص الايقوني في الفن التشكيلي والعمارة المعاصرة)، وحدود البحث، فضلا عن تعريف المصطلحات التي وردت في سياق هذا البحث، أما الفصل الثاني الإطار النظري فقد تضمن ثلاث مباحث، تناول المبحث الأول المرجعيات الفكرية للصورة الايقونية، أما المبحث الثاني فقد تناول السيميائية مفاهيمياً، وكما تناول المبحث الثالث مفهوم النص الايقوني، بالاضافة الى مؤشرات الاطار النظري واحتوى الفصل الثالث إجراءات البحث متضمنا مجتمع البحث وعينته، وأداة البحث، وتحليل عينة البحث التي بلغت نموذجين فقط. أما الفصل الرابع فاحتوى على اهم النتائج والاستنتاجات والتوصيات والمقترحات. فضلا عن قائمة المصادر.

**الكلمات المفتاحية:** بنية، النص، الايقون، الفن التشكيلي، العمارة

**The structure of the iconic text in plastic art and contemporary architecture**
**(Erbil governorate as a model)**

Sirwan Rafaat Ahmed
College of Fine Arts,Salahaddin University-Erbil
sirwan.ahmed@su.edu.krd

Alaa Shaker Al-Atbi
College of Fine Arts- Department of Art Education Dyala University
dr.aletby@gmail.com

Azad Hama Ahmed
College of Enginnering-Architecture Department American Universisty
Azad.ahmed@auk.edu.krd

**Abstract**
The current study is based on (the text structure of the iconography in fine art and contemporary architecture) includes four chapters, the first contains the methodological framework of the research problem, the importance, the goal of the research, and the definition of the terms contained in the context of this research, and chapter ii theoretical framework included three investigations, the first research addressed the intellectual references of the iconography, the second research addressed semiotics conceptually, and the third examined the concept of the iconic text, in addition to the indicators of the theoretical framework and contained the third chapter research procedures including the research community and its sample, the research tool, and the analysis of the research sample, which reached only two models. Finally, chapter four includes the results of the research results, conclusions, recommendations and suggestions.

**Keyword:** structure. Text. Iconic. Plastic Arts. Architecture